# لێکەوتەکانی ڕۆمانسیزمی خود لە شیعرەکانی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقیدا

ڕۆژگار محمد صابر [1] عوسمان حەمەد دەشتی[2]، جیهاد شوکری رشید
[1،2]بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[3] بەشی فارسی، کۆلێژی زمان، زانکۆی زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شارستانیەتی ڕۆژئاوا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، هەر لە سەردەمی شارستانییەتی یۆنان و ڕۆمانییەکانەوە، داهێنان سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، بە تایبەتیش بواری هونەر و بابەتە ئەدەبیەکان. بیرمەند و فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لەسەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبیات هەبووە، لێکۆڵینەوە و ناونانی ڕێبازە ئەدەبییەکانیش هەر لەلایەن خودی ڕۆژئاواییەکانەوە بووە دوای گەشەکردنیان بە هۆکاری جۆراوجۆر بە وڵاتانی تردا بڵاوبوونەتەوە، وڵاتە جیاوازەکانیش بە پێی خاسیەت و تایبەتمەندی زمان و ئەدەبەکەی خۆیان وەریان گرتووە و گونجاندوویانە، بە جۆرێک شاکاری نەمر و بەرزیان پێ تۆمارکردووە، یەکێک لەو ڕێبازە دیارانە ڕێبازی ڕۆمانسیزمە کە یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دژی بنەماکانی کلاسیزم سەریهەڵداوە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەرییە کە ئایدۆلۆژیایەکی نوێ بووە بۆ نەوەیەکی نوێ کە تێیدا ڕەهەندەکانی شیعر فۆڕمی نوێ و پەیامی نوێ لەخۆدەگرێت، لە ژێر کاریگەری ڕۆمانسیزمی ڕۆژئاوا سنووری وڵاتانی بڕی و لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسییدا ڕەنگیدایەوە گەیشتە لوتکەی کامڵبوون کە قۆناغی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی هاتە ئاراوە. مەبەستیش لە ڕۆمانسیزمی خود واتە کێشە و خواست و خولیا و خەمەکانی ناخی شاعیر بە پشت بەستن بە ویژدانی شاراوە و خستنەڕووی هەست و هەڵچوونەکان. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت تیشک بخەینە سەر ڕۆمانسیزمی خود لە شیعرەکانی هەر دوو شاعیردا بە بەراوردی شیعرەکانیان لەسەر بنەمای قوتابخانەی ئەمریکی بیخەینە ڕوو، تا لە سۆنگەی دەقەکانیانەوە خاڵی لە یەکچوون و جیاوازییان دیارییکەین.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕومانسیزمی خود، پیرەمێرد، میرزادەی عەشقی،خۆشەویستی، غوربەت

## ١. پێشەکی

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە دوای ڕێبازی کلاسیزم سەری هەڵداوە، لە ڕاستیدا پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر پڕەنسیپە وشک و لاوازەکانی کلاسیزم، ڕێبازێک کە لە کەم شوێندا بایەخی بە خستنەڕووی هەستی خەیاڵ و سۆز دەدات، ئەم ڕێبازە ( لە بنەڕەت و ناوەڕۆکدا شۆڕشێك بوو بۆ ئازادکردنی ئەدەب لە چنگاڵی ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکان، ئازادکردنی لە تەواوی ئەو دەستوور و بنەمایانەی ئەدەب، وەك ئینجیل پیشان دەدا)(مندور،١٩٩٥، ٥٩). واتە ڕۆمانسیزم شۆڕشێك بوو لە ئەدەبدا، ئەم شۆڕشە هەروەك لە هەست و سۆزی ئەدیبەکاندا دەرکەوت و خۆی لە دەسەڵاتی ئەقڵ ڕزگارکرد و زیاتر پشتی بە سۆز و هەست دەبەست. نووسەرانی ئەم ڕێبازە جڵەویان دەدایە دەست دڵ، کە سەرچاوەی ئیلهام و هێلانەی هەست و ویژدانە لە ناخ و دەروون لە جیهانی خود و جیهانی خۆشەویستی و ترس و بێهیوایی.

### ١-١. ڕێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لەسەر بنەمای قوتابخانەی بەراوردکاری بە شێوەی پڕاکتیکی،تیشك دەخاتە سەر ڕۆمانسیزمی خود لە شیعرەکانی هەردوو شاعیر، تا لە سۆنگەی دەقەکانیانەوە خاڵی لەیەکچوون و جیاوازییان دەربخەین.

### ١-٢. ئامانجی توێژینەوە

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەسەر چەند بنەما و تایبەتمەندییەک دامەزراوە، کە بۆ قۆناغەکەی خۆیان شتێکی تازە و سەردەمی بوو، هەر بۆیە دەرخستنی ئەو بنەما و تایبەتمەندییانە لە شیعرەکانی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقیدا یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. ئەو بنەمایانەش کە ئێمە باسیان دەکەین بریتین لە ناوەڕۆکی شیعری ئەو شاعیرانە،ویستوومانە پەیام و مەبەستی ئەو شاعیرانە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٧ی ئەیلولی ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ ی نیسانی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: rozhgar.muhammed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ ڕۆژگار محمد صابر، عوسمان حەمەد دەشتی، جیهاد شوکری رشید،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8

دەربخەین،لە بواری ڕۆمانسیزمدا زۆر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە کراوە،بەڵام بە ناونیشانی( ڕۆمانسیزمی خود لە شیعرەکانی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقی) دا تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک نەکراوە.

### ١-٣. مەبەست و گرنگی توێژینەوە

مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە، ناسینی چەمک و بابەتەکانی ڕۆمانسیزمی خودییە لە شیعرەکانی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقیدا، کە تیایدا هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی زنجیرە بیرۆکە و ئەندێشەکانی پیرەمێرد و عەشقی لە گۆرەپانی ڕۆمانسیزمی خودییەتیدا دەکەین. لەسەر ئەو باوەڕەبوونەی، کە ئەڤین و خۆشەویستی، یەکسانی و دادپەروەری، جوامێری، پاکی، سادە و ساکار، ڕاستی و درووستی ژیان گرنگی تایبەت بە خۆیان هەیە.

### ١-٤. پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم باس لە چەمك و زاراوەو پێناسەی ڕۆمانسیزم وەك ڕێبازێك کراوە، لە بەشی دووەمیشدا باس لە بنەما و خاسیەتەکانی ڕۆمانسیزمی خود لە شیعرەکانی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقیدا کراوە.

## ٢-تیێبینیە تیۆرییەکان

### ٢-١. چەمک و زاراوە و پێناسەی ڕۆمانسیزم

ڕۆمانسیزم وەك زاراوەیەك لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا گەلێك ناوی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە،بۆ نموونە لە لای فەرەنسییەکان(Romantime)لە لای ئینگلیزەکانیش (Romantiscism)لەلای ئەڵمانەکانی(Romantic) بە کارهاتوون(هلال،١٩٨١، ٥). ڕومانسیزم واتە(گەڕانەوەیە بۆ سروشت وسەربەستییە لە ئەدەبدا، ڕاستییەکی کامڵ و تەواوی ژیانە)(فیرست، ١٩٧٨، ١١). هۆگۆ ڕۆمانسیزم بە ڕێبازی هونەر دەناسێنێ و دەڵێت:(هونەرمەندی ڕۆمانسیزمی گرنگییەکی تایبەت دەدا بە ئارەزوو و پێداویستییە دەروونییەکانی، ئەوەی بۆ هونەرمەند ئیلهام بەخشە،عەشق و پەیوەندییە، ئەم پەیوەندییە دەبێت ئازاد بێت، دڵ دەبێ بەبێ مەرج قسە بکات و بەبێ مەرج و گومان فەرمان دەربکات)( حسینی، ١٣٨٧، ١٨٠). بە واتایەکی ¬تر(ئەو هونەرەیە کە چێژی بە خەڵك بەخشیووە و بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات، کە لەگەڵ داب ونەریت و بیروباوەڕی ئەو سەردەمەدا دەگونجێت، بەڵام کلاسیزم ئەو ئەدەبە دەبەخشێت کە زیاترین چێژی بە باووباپیرانیان بەخشیووە)(تیغم،١٩٨٠، ١٩٩).ستانداڵ ڕۆمانسیزم بە چێژی ئێستا و کلاسیزمیش بە چێژی ڕابردوو دەبەستێتەوە، ڕوونتر دەڵێت:(ڕۆمانسیزم لە هەموو کاتێکدا هونەری ئەمڕۆیە، کلاسیزم هونەری دوێنێیە)(فیرست،١٩٧٨، ١٤). بە باوەڕی نیلسۆن(ڕۆمانسیزم ئەو خەیاڵەیە کە پێچەوانەی هۆش و ڕاستییە، واتە بەهرەی خەیاڵە لە ناکۆك بوونی لەگەڵ عەقڵ و هەستکردن بە ڕاستی)(جزی،١٣٧٨، ٢٢). بە باوەڕی گری یرسون (ڕۆح گرنگترە لە شێوە و ڕووخسار)(جزی،١٣٧٨، ٢٢). ڕۆمانسیزم لە ناواخنیدا پشت بە هەست و سۆز و ئەندێشەی داهێنەرانە دەبەستێت(( ڕەوتی فەلسەفەی ڕۆمانسیزم ڕەوتێکی عاتیفییە، ڕەوتی تاسە و دڵە، بەرامبەر یاسای عەقڵ))(میراودەلی، ١٩٧٩، ٢٦٤). کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بە قۆناغی گۆڕانکاری دادەنرێت، بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی دژی دەسەڵاتی چەقبەستووی ئەو سەردەمە، هەروەها کاریگەری نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئینگلیزی وایکرد ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە لە بەرگی خۆیدا نەمێنێت و گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعردا بەدیبکرێت، لە شیعرەکانیاندا بە دوای ئەو ناوەڕۆکانەوە بوون کە لەگەڵ سروشتی قۆناغەکە دەگونجان.بەم هۆیەوە شیعری ڕۆمانسیزمی دابەش بوو بە سەر ڕۆمانسیزمی خودی و ڕۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی.((ڕۆمانسییەتی خود یان خۆیی ئەوەیە کە بابەتەکانی خود واتە کێشە و خواست و خولیا و خەمەکانی ناوەوە،هی ناخ،هی دەروون،ناوك و ناواخن و ناوەڕۆکی هۆنراوەکان پێك دەهێنن.دیارترین هەست و نەستێکی نزیك لە دەروون و ڕۆحی مرۆڤ هەستی خۆشەویستی و ئەوین و ئەزموونەکانی تەما و تێکشکانە،بە تایبەتی لە سەردەمی گەنجێتی پڕ لە نیاز و ئاواتی درووستکردنی بە هەشتی دڵداری))(میراودەلی،٢٠٠٧، ٣).واتە ڕۆمانسیزمی خودی بە تەواوی عاشقانە و خۆشەویستی بوو، بە شێوەیەکی سەرەکی خۆشەویستی جەستەیی بوو لە پاڵ خەمی کۆمەڵایەتی و بیری شۆڕشگێڕانە.

## ٣. ڕۆمانسیزمی خود

خودگەرایی دیاردەیەکی گشتییە لەناو تاکدا،هونەرمەندی ڕۆمانسی خۆی دەخاتە شوێنی پاڵەوانەکان و لە ڕێگەی هونەرەوە گوزارشت لە ویست و ئازارەکانی ڕوحی خۆی دەکات، تاکو هەستە دەروونییەکانی خۆی وەک دەردەدڵێك بۆ خوێنەر دەرببڕێت بەمەش (رووخسارێکی تری ڕۆمانسیزم تاکییەتی هونەرمەند و دووره پەرێزییەتی لە ژیان)(رسول،١٩٦٨، ٩٦) شیعر لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی تاک و حەز و ئازار. ((هونەرمەندی ڕۆمانتیك فەرمانڕەوایەتیی من لە هونەردا دەچەسپێنێ و تاکرەویی لە جیاتی کۆمەڵڕەوی دادەنێ،خولیا و کەڵکەڵە و بیر و ئارەزووەکانی خۆی بەیان دەکات)) (پیربال، ٢٠٢١، ٧٧). خەمی خود زۆر جار لە دەرووندا هەڵدەگیرێت، شاعیر دێت وێنە هەڵگیراوەکانی ئەلبومی ناخی بلاودەکاتەوە، تا سەختی و خەم و ناسۆرییەکان وێنا بکات. (شاعیر یا نووسەری ڕۆمانسیزم بە دوای ئازادی لە یاساکاندا دەگەڕێت و لە ئەدەبیاتدا گوزارشت لەخواستەکانی دڵ و ئازارەکانی روحی خۆی دەکات بە هونەر)(حسینی،١٣٨٧، ١٨٠). لە دوای کودەتاکەی ٢٨ی مرداد ساڵی ١٣٣٢دا شیعری فارسی کەوتە قۆناغێکی نوێوە، ئەو نوێبوونەوەیەش هزری نوێ و بابەتی نوێی هێنایەکایەوە، یەکێک لە دیارترین ئەو بابەتانەش سەرهەڵدانی شیعری ڕۆمانسیزمی عاشقانە و شیعری تاکگەرایی دەربڕینی (هەستە خودییەکان)بوو، کە زۆرجار بە (شعر شهوانی) ناسرابوو، ئەمەش بۆ بارودۆخی ئەوسای نووسەران دەگەڕێتەوە، کە بێزاربوون لە دۆخە سیاسییەکەی ئەو قۆناغە و بێئومێد بوون لە گۆڕانکاری دەرئەنجامی ئەوەش پەنایان بۆ شیعری نوێ و ناوەڕۆکی نوێ برد، تا خۆیان دەرباز بکەن لەو دۆخە دەروونییەیان (شکی،١٣٨٥، ٧٣).واتە دەتوانین بڵێین ڕۆمانسیزمی خودی:

١-گرنگیدانە بە هەستی تاکەکەسی.

٢-قوڵی شیعرە بۆ خۆشەویستی و ئاهی عەشق و نزیکبوونەوەیە لە مەرگ و مردن.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کە هەڵێنجراوی نامەیەکی دکتۆرایە هەوڵدەدەین بە کورتی ئەو بنەمایانەی باس لە ناوەڕۆکی ڕۆمانسیزمی خود دەکات لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و میرزادەی عەشقی)دا وەک هێلکارییەك بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.




**٣-١. دڵداری و خۆشەویستی**

خۆشەویستی بە بنەمای سەوزبوونی هەموو شیعرێکی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی دادەنرێت، شیعری خۆشەویستی بەشێکە لە خستنەڕووی خود و پیشاندانی حەز و خواست و تەوژمی سۆز و ئەندێشە. بە پێی باوەڕی هۆگۆ (ئەگەر گەردوون بێ خۆشەویستی بوو ئەوا ڕۆژ دەکوژێتەوە)(بقاعی،١٩٧٩، ٧٠).شاعیرانی ڕۆمانسیزم وادادەنێن کە (ژن فریشتەیە و لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ و دڵمان پاکدەکاتەوە و سۆز و خۆشەویستیمان لا زیاد دەکات و هەستمان هۆشیار دەکاتەوە و هانمان دەدات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕەوشتی و ڕامیاری و نیشتیمانی)(هلال، ١٩٨١، ١٩٠-١٩١). شاعیری ڕۆمانسی سروشت بە ڕەگەز و دیاردەکانییەوە دەکات بە ئارامگا بۆ پشوودانی دەروونی بە شێوەیەك شاعیر دەکەوێتە ( قسەکردن لەگەڵ گوڵ و درەخت و ئەستێرە و شەپۆلی دەریاکان)(زغلول،١٩٨١، ١٢٩). ئەم وردبوونەوەیەش لە سروشت وایکرد کە مرۆڤ لە سروشتی ئۆرگانی و بزووتنەوەی سروشت بگات کە هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، مرۆڤیش هەستی ناوەوەی جۆراوجۆرە، ئەم لەیەکچوونی سروشتە هەنگاوێکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی میزاجی مرۆڤ و سروشت.پیرەمێرد لە شیعری (لەتیفەی جینسی لەتیف)دا دەڵێت:

**دانیشتبووین لەگەڵ یار　　　من سەرمەست و ئەو هوشیار**
**بە تیلای چاوی بیمار　　　دڵمی فڕاند بە یەکجار**
**شوێنی دڵم کەوتم ناچار (پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٣٤٣).**

عەشق و خۆشەویستی،تووانەوەی مرۆڤەکان لە ناو یەکتردا وەك ڕەنگەکانی سەر تابلۆیەکی ئاوایی و خرابێتە بەر باران، یان عەشقێکی یەکلایەنانەی گڕگرتوو، کە تینی بڵێسەی بەر لەوەی ڕووناکی عاشق بە مەعشوق بگەیەنێت و ببێتە دەلالەتێکی عەشقێکی بڵند،عاشق دەسووتێت و دەفەوتێت،خۆشەویستییەك کە پێیوایە ماناکانی بوون لە بوونی بەرامبەردا دەدۆزێتەوە و واتا وەردەگرێت. پیرەمێرد لە شیعری(گیانە بەسیەتی)دا دەڵێت:

**تۆش سابێباکبە،لە تانەی ئەغیار**
**وەرە سەر قەبرم بۆم بگری جارجار**
**بڕوانە قەبرێ لە قەبران تاکە**
**بەردی وەك خەڵووز،خاکی نمناکە**
**فیداتبم گیانە،من داغبردەی تۆم**
**توخوا دانیشە،کەمێ لەگڵکۆم(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٧٩٥-٧٩٦ ).**

لەم نمونەیەدا گوتارێکی پیرەمێردی شاعیرە لەگەڵ خۆشەویستەکەی بێ پێچ و پەنایە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤێکدا دەژیت،کە تایبەتمەندی مرۆڤی ڕاستەقینەی تێدایە، داوای لێدەکات کە پاش مەرگی بێسڵەمینەوە لە تانەی ناحەزان جاروبار بچێتە سەر گۆڕەکەی و بۆی بگری ((شیعری دڵداری پیرەمێرد هەندێکی پێڕەوی شاعیران کردنە- واتا تەقلیدی-یەو هەندێکی جۆرێکە لە یادکردنەوەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8

ڕۆژانی لاوێتی و لە تەمەنی پیریدا بەیادکردنەوەی ئەو ڕۆژانەیە و دەربڕینی سۆزی ئەو کاتە و بۆ چرۆکی بەیار نەگەیشتن و ناکامییە، تەنانەت ئەم چەشنە سۆزی کۆن دەربڕینە هەندێ جار نائومێدییەکەی بەرە و جۆرێکی نزیك لە دڵداریی شاعیرانی سۆفییەوە دەبات))(ڕەسوول،١٩٩٠، ٦٢). پیرەمێرد لە گۆڤاری گەلاوێژدا دەنووسێت: ((شەوێکم لە زیندەگانی گوزەشتە هاتەوە یاد، وەك شەونم فرمێسك بەسەر ڕیشی سپیا باری))(ئاشنا،٢٠٠١، ٧٩). دوای پەنجا ساڵ پیرەمێرد ئەو عەشقەی دێتەوە یاد و دەڵێت

**چەند خۆشە یادی هیجرانی یاران**

**فرمێسك بەچاوما بێنێ وەك باران(پیرەمێرد،٢٠١٦، ٢١٦).**

ئەوەی دیارە یەکەم خۆشەویستی پیرەمێرد (میهرەبان) بووە، جا نازاندرێت ئەو ناوە خوازراوە، یان ڕاستەقینەیە،وەك خۆی دەڵێت: ((ئەم ماجەرایە پەنجا ساڵی بەسەرا ڕابوارد، لەم یەك دوو ڕۆژەدا لەگەڵ جەنازەیەکی ئازیز ڕێم کەوتە مەڵبەندی میهرەبان))( ئاشنا،٢٠٠١، ٨٠). ئەوەی دەتوانین لە شیعرەکانی پیرەمێرد دەریبخەین ئەوەیە کە پیرەمێرد زۆر ئاشقی میهرەبان بووە، دڵ و دەروونی داگیرکردووە بە تەواوی نائومێد دەبێت،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تا دەمرێت لە یادی بمێنێت و شیعری بۆ بنووسێت.

خۆشەویستی لە شیعری فارسیشدا بە پێچەوانەی نەریتی کۆنی شیعری کلاسیکی فارسی کە تیایدا مەعشوق سیمایەکی ون و ناڕاستەقینە و هەست پێنەکراوی هەبوو، شیعری لیریکی هاوچەرخ بە ئامادەبوونی مەعشوقێکی بینراو و هەستپێکرا و لە ڕەگەزی مرۆڤ و بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەودا دروستبوو. بەمشێوەیە عەشق وەك سیمای بەرزترین جۆرە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و نموونەیەك لە یەکێتی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لە واقیعترین دۆخەکاندا کەوتە بەر سەرنج و بایەخپێدان و هۆکارێکیشە بۆ پاککردنەوەی دەروون و بێگەردبوونەوەی. ئەگەر سەیری ماوەی سەردەمی مەشروتە بکەین دەبینین بایەخدان بە خۆشەویستی زۆر کەم دەبێتەوە و ئاڕاستەکردنی بابەتی سیاسی-کۆمەڵایەتی شوێنی دەگرێتەوە، لە ڕاستیدا لەم ماوەیە نەک هەر هیچ نیشانەیەک لە خۆشەویستیی عیرفانی نەبووە، بەڵکو خۆشەویستیی مجازیش هیچ نیشانەیەکی دیاری نەبووە (لە سەردەمی بزووتنەوەی مەشروتەدا،عاشق و خۆشەویست ئێوانیان زۆرباش نییە، بە واتایەکی تر کاتی ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانەیان نییە)(باباچاهی،١٣٨٤، ٧٣).

دەربارەی خۆشەویستی لە بەرهەمەکانی عەشقیدا دەتوانین بڵێین:خۆشەویستی بە تەواوی مەجازییە، واتە مەعشوق وعەشقی عیرفانی، لە بەرهەمەکانیدا هیچ بوونێکی ڕاستەقینەی نییە ،شاعیر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و خۆشەویستی نیشتیمان بە گرنگتر دەزانێت. هەرگیز وەک خۆشەویستانی ڕاستەقینە باس لە قوربانیدانی ژیان لە ڕێگەی عاشقێکی زەوییەوە ناکات و تەنانەت هەوڵی زۆری نییە بۆ خۆشەویستی.لەبەر سنووردارکردنی ژمارەی وشەکان،وەرگێڕانی شیعرەکان دانەندراوە.

**تو گر آئی و گر نائی،روم من خود بکار خود**

**بحکم رسم نوروزی و مرسوم دیار خود (عشقی، ١٣٥٠، ٢٧٠).**

یەکێک لەو شتانەی، کە لە شیعرەکانی عەشقیدا بەدیدەکرێت، نوێگەرییە لە ناوەڕۆکی خۆشەویستی.باسی خۆشەویستی و جوانی و چەوسانەوە و زەحمەتییەکانی ئەو ڕێگای دەکات. داهێنان لەبابەتە ڕۆمانسییەکانی میرزادەدا یەکێکە لەبوارەکانی تازەگەری و جیاوازییە لەشیعرەکانیدا. بۆ نموونە لەزۆربەی شیعرە کلاسیکییەکان،مەعشوق بێ وەفایە و عەشق و خۆشەویستی یەك لایەنەیە، بەڵام میرزادە لە شیعری(نوروزی نامە) پەیوەندییەکی عاشقانەی دوولایەنە دەخاتەڕوو، باس لەوە دەکات کە شاعیر هەم عاشقە و هەم مەعشوق کە لە ئاگری جیابوونەوەدا دەسووتێت.

**نه تنها ز آتش عشق من،اندر تو شرر باشد**

**مرا هم از تو عشقی در دل و فکری بسر**

**ولی دانم که بس این راه را،کوه کمر باشد**

**خوداین راهیست پر خوف و بسی دروی خطرباشد**

**(عشقی، ١٣٥٠، ٢٦٥).**

عەشقی شاعیر کاتێك لە ئەستەمبوڵ بووە ئەم شیعرەی نووسیووە، عەشق و خۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی دەردەبڕێت، دڵ و دەروونی بووە بە ئاگری خۆشەویستی وڵات، بەڵام ئەوە دەزانێت کە ڕێگاکەی سەخت و ترسێنەرە بۆ گەیشتن.

یەکێک لە داهێنانەکانی تری عەشقی لە بابەتی خۆشەویستیدا گومان و دوودڵیە لە هەندێک نەریتدا، بە داب و نەریتی ئەدەبی ناسراون، بۆ نموونە خۆشەویستی ئەفسانەیی فەرهاد و شیرین لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، فەرهاد لە زۆرێک لە شیعرەکانی میرزادەدا مۆدێلێکە بۆ پەیوەندییەکی ڕۆمانسیی بێگەرد، فەرهاد وەک مۆدێلێکی ڕۆڵ نموونەیی تەماشا ناکات. بۆ نموونە لە شیعری(گوهر شاد) شاعیر پێگەی خۆی لە فەرهاد بە بەرزتر دەزانێت،چیتر فەرهاد وەک مۆدێلێکی ڕۆڵ تەماشا ناکات، دەڵێت:کێوی بێستون! هەرگیز فەرهاد لەگەڵ من بەراورد مەکە، چونکە جیاوازی من و ئەو زەوی تا ئاسمانە، من بە برژانگەکانم کێوەکە هەڵدەکۆڵم و فەرهاد بە تەشوێکەی، سەدان هەزار جیاوازی هەیە لە نێوان موویەکی باریك و تەشوێیەکی پۆڵایندا.

**بیستون!فرهاد را هرگز بمن نسبت مده**

**از زمین تا آسمان فرق من و فرهاد باد**

**من بمژگان میکنم،آنکار،کو با تیشه کرد**

**صدهزاران فرق ریزه موی با پولاد باد**

**(عشقی، ١٣٥٠، ٢٧٣).**

لە ڕاستیدا دەبێت بگوترێت،هەرچەندە خۆشەویستی میرزادە بۆ ژنان ڕاستەقینە نییە،گیانفیدایی و شەهید بوون لە ڕێگای خۆشەویستدا و ئەو شیعرانەی کە عەشقی بۆ ژێنێک هۆنیویەتییەوە نابینرێن،بەڵام ئەو شیعرانەی کە بۆ نیشتیمانەکەی هۆنیوەتەوە تەواو بەرچاوە. نیشتیمان لەلای ئەو خۆشەویستی ڕاستەقینە و پڕ بایەخە و گیانی لە پێناوی بەخت دەکات(خۆشەویستییەک کە عەشقی ئامادەیە بۆ ئەو هەمووو شت بکات و تەنانەت گیانیشی بۆ بەخت بکات،بە هەمان شێوە دواجاریش لە ڕێگای نیشتیمانەکەی گیانی دەبەخشێت و دەیسەلمێنێت کە خۆشەویستی ئەو بۆ نیشتیمانەکەی، وەکو خۆشەویستی بۆ دڵدار و ژنان ڕواڵەتی نییە و ئاوێتەی گیانی بووە)(عشقی،١٣٥٠، ٣٧٧) .

## ٣-٢. ڕەشبینی و نائومێدی

ڕەشبینی و نائومێدی هەر یەکەیان بە قەبارە و پانتایی ئاستی کاریگەرییان بەشدارن لە پێکهاتەی ژیانی هەمووو شاعیر و نووسەرێك. ((شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی لەسەرەتاوە، هەروەک هەمووو شاعیرانی ڕۆمانتیکی زۆرجار ناوەرۆکی

شیعرەکانیان بە شێوەی ڕەشبینی و نائومێدی و دوو دڵی لە ژیاندا دەربڕیوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کورد))( ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٣٩ ).مرۆڤ کاتێك ناتوانێت هیوا و ئاواتەکانی بهێنێتەدی،تووشی بێ هیوایی و نائومێدی و خۆبەدەستەوەدان دەبێت،شاعیری ڕۆمانسیش بە شیعر گوزارشت لەم بارە دەروونییە دەکات.پیرەمێرد لە شیعری (نائومێدی)دا دەڵێت:

**هەی نائومێدی،هەی نائومێدی**
**هەی ڕەنجەڕۆیی،هەی نائومێدی**
**بەدبەختی وەك من لە کوێ پەیدا بوو**
**بۆ حاڵنەزانی شێت و شەیدا بوو**
**سەحراو دەشت و دەر گەڕام سەراسەر**
**لەتوو ناتوونی(طاوس)یش چوومە سەر**
**هەردەی دوجەیلی مەجنوون گشت گەڕام**
**وێنەی پەروانەی ڕەهەندی سەودام**
**( پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٨١٧-٨١٨)**

لەم شیعرەدا شاعیر نائومێدی و بەدبەختی خۆی بەیان دەکات، شاعیر مەجنون لەگەڵ خۆیدا بەراورد دەکات، چونکە مەجنون لە ناو خەڵکدا بە عەشقێکی پاك وبێگەرد ناوی دەرکردووە، ئەویش هاوشێوەی مەجنوون سەحرا و دەشت و دەرگەڕاوە، کە ڕێگای گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی وەکو ڕێگای مەلەك تاوسە ڕێگایەکی سەخت و پێچاوپێچە، هەروەها لە شیعری (ئاوازی سازی ناسازی زەمان)دا دەڵێت:

**ئای چیم بەسەر هات،ئای چیم بەسەر هات**
**خۆیشم نازانم بۆچ وام بەسەر هات**
**ڕەنگ زەرد و لاواز،بێ یار،بێ غەمخۆر**
**عەیشم لا تاڵە وێنەی ژاری مار**
**ئەم قوڕە ڕەشەی وا تێی چەقیوم**
**هێزی تەکان و جوڵەی بڕیوم**
**هانام بە تۆیە خوای پەروەردگار**
**یا تاقەت،یا مەرگ،یا دیداری یار**
**(پیرەمێرد،٢٠١٦، ٤٠-٤١)**

لەم شیعرەدا شاعیر وشەی (قوڕە ڕەش) ی بەکارهێناوە،بە مانای نائومێدی و ئازار و ناڕەحەتی بەرامبەر ژیان و ناخۆشییەکانی ژیان دێت، داوا لە خودای پەروەردگار دەکات بە دیداری یاری شاد بکات. واتە هەموو شتێك لەم ژیانەدا بەرە و لەناوچوون و نەمان دەچێت، تەنیا ئەوەی کە جێگیر بێت و بمێنێتەوە نائومێد بوون و ئازارەکانە. لەو کاتەدا مرۆڤ گۆشەگیر دەبێت و لە هەموو شادی و سەرکەوتنەکان و بەرە و پێشچوونی خواستە بەرزەکان و گەشبینی دادەماڵرێ و هەست بە لە دەستدانی خۆشەویسترین و بەنرخترین ئازیزی خۆی دەکات و تووشی ڕەشبینی و نائومێدی دەبێت.

شاعیرانی ڕۆمانسیزمی فارسی پاش کۆدەتای مەشروتە مەیلیان زیاتر بۆ شیعری ڕەشبینی و نائومێدی و بێهودەیی چوو، ناوەڕۆکی شیعرەکان پڕن لە بێهیوایی و ترس و مەرگ و نەهامەتی. ڕەشبینی و نائومێدی لە شیعرەکانی میرزادەی عەشقیدا زۆر بەرچاودەکەوێت، چونکە ئەو سەردەمەی کە شاعیری تێدا ژیاوە سەردەمی جەنگ و نائومێدی بووە. عەشقی لە شیعری(شراب مرگ) فرمێسکی بارگرانی و بێدەسەڵاتی و نائومێدی ژیان لە کاتە سەختەکان دەڕێژێت، ڕەشبینە بەرامبەر ژیان و ڕۆژانی تاڵی ژیانی بیردەکەوێتەوە و ئاواتی مردن دەخوازێت و دەڵێت:

**بدان سرم کە شکایت ز روزگار کنم**
**گرفتە اشك رە دیدەام،چەکارکنم ؟**
**بدین مشقت الا،زندگی نمیارزد**
**کە من زمرگ،همە عمر را فرارکنم**
**بجامی از می چرخ است مست ایساقی**
**گرم کە مست کنی،هستیم نثار کنم**
**چنان کە در آرزوی درك نیستی هستم**
**کە گر اجل بکند همت،انتحارکنم. (عشقی، ١٣٥٠، ٣٨٠).**

هەروەها لە شیعری(در صفحە غرب)دا ڕەنگی زەرد وەك هێمایەك بۆهەڵوەرین و نائومێدی و ڕەشبینی و بێزاری خۆی بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

**بهارا بە پائیز ما،دیدە دوز    ز کلك تموزین دی،وی بوز ...**
**بپاداش این جملە باد گران    کە آوردە اینسان ز ری بس خزان**
**رخ ما شدە زرد:زین باد زرد    ازین باد شد،خاك،مارابسر**
**(عشقی، ١٣٥٠، ٣٨٧).**

### ٣-٣. هاوسۆزی لەگەڵ شەو

شەو لای شاعیرانی ڕۆمانسیزم پیرۆز و خۆشەویستە، لە ئەدەبی ڕۆمانسیزمدا وێنەکێشی شەو بە شێوەیەکی بەرفراوان هەستی پێدەکرێت ((چونکە شەو هێمنی و ئارامی بەخۆوە گرتووە و لە هەمان کاتدا پیسی و پوخڵەواتەکان دادەپۆشێ و لەبەرچاوان بزریان دەکات. ئەدیبی ڕۆمانسی لە شەودا گۆشەگیرە و لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەژی و تێ دەفکری. شەو ڕەشە و ڕەشیش نیشانەی شوومی و ناشیرینی واقیعە))(حوسێن،٢٠١٤، ٩٧). پیرەمێرد لە هۆنراوەی(من و ئەستێرەکان)دا دەبێتە هاودەم و هاوسۆزی ئەستێرەکان و بە شێوەیەکی دراماتیکی پڕ لە سۆز و ئەندێشە دەکەوێتە گفتوگۆکردن:

**ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو**
**وەك من بەداخەوەن،نەسرەوتنیان هەیە،نە خەو**
**چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین**
**وەك سەرسەرین،شەوێ سەرێ ناکەینە سەر سەرین**
**دوێ شەو بەری بەیان بوو،دەگریان بەسەر منا**
**منیان کەساس ئەبینی لەناو دۆست و دوشمنا**
**( پیرەمێرد،٢٠١٦، ٥٠)**

شاعیر پەنا دەباتە بەر ئەستێرەکانی ئاسمان و بە شێوەیەکی ڕۆمانسی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، ژیانی خۆی وەك ئەو ئەستێرانە دێتە بەر چاو، ئەوانیش وەکو شاعیر ناسرەوێن، نە بە شەو خەویان هەیە و نە بە ڕۆژیش ئارامیان هەیە. خەمەکانی خۆی بەهاودەمی ئەستێرەکان دادەنێت و خەمەکانیان لەگەڵ بەشدەکات،ئەستێرەکانیش لەلای خۆیانەوە بەشداری ئەو ماتەمییەی شاعیریان کردووە و لەگەڵیدا دەگرین. پیرەمێرد لە شیعری(بەندی شەماڵ)دا دەڵێت:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8

**شەوێ لەپلام کەوتە خەیاڵ**
**کەوتە یادم ئەو زولف و خاڵ**
**هاوارم بردە بەر شەماڵ**
**شەماڵ بۆم بکە ئەو فرمانە**
**شەماڵ ئەمشەو بێ قەرارم**
**موبتەلای چاوی بەخومارم**
**(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٤٧٦)**

وەك دەبینین شاعیر لە شەودا خەمەکانی بەیان دەکات، لەگەڵ بای شەماڵدا دەکەوێتە گفتوگۆ، بە خەو و خەیاڵەوە دەیەوێت بە ئاسمانی شیعر و خەیاڵاتدا بفرێت، هاوار بۆ شەماڵ دەبات، تا بچێتە لای یارەکەی، چونکە ئەو لە دووری یار زەلیل و پەرێشانە.

وشەی شەو لە شیعرەکانی عەشقیدا زۆر دووبارەبۆتەوە، هۆکاری زۆر بەکارهێنانی ئەم وشەیەش ئاماژەیە بۆ درێژەدان و بەردەوامی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە لە واقیعی دەرەکیدا. لە شیعرەکانیدا ئازار و ناڵاندن لە شەودا بەرچاودەکەوێت، لە شیعری(شب مهتاب)دا وەسفێکی جوانی شەو دەکات کە پێچەوانەی تاریکی شەو، ئەو شەوە لای شاعیر شەوێکی رووناکە.

**اوائل گل سرخ است و انتهای بهار**
**نشستەام سر سنگی کنار یك دیوار**
**اگر چە قاعدتا"،شب سیاهی است پدید**
**خلاف بر شبە،امشب دیگر شبیست سپید** .
**(عشقی، ١٣٥٠، ١٧٤)**

### ٣-٤. نامۆیی و غوربەت و دوورە ولاتی

نامۆیی لە ئەنجامی تەنیایی، هەستی غەریبی، ئاوارەیی، دووری لە نیشتیمان، کەس و کار و خۆشەویستان، یان بە هۆی جیاوازی و نەگونجانی ئەو تاکە بێت لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵەکەیدا دروست دەبێت. فرۆید دەڵێت:((کاتێ نامۆیی و ڕاڕایی و نامۆبون بەرز دەبێتەوە،پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ خۆکوشتن))(معروف،٢٠٠٢، ٤٤). لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی نامۆیی وەك دیاردەیەکی زەق و بەرچاو خۆی دەنوێنی بەتایبەت شاعیرانی سەردەمی نوێخوازی، لەبەر ئەو بارودۆخەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کە شاعیران تێیدا دەژیان، بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە زێدی خۆیان و هەروەها بارودۆخی سیاسی، داگیرکردن و نەبوونی ئازادی و ئارامی، چەوساندنەوە و توند و تیژی ڕامیاری و خراپی و ڕەق هەڵسووکەوتی دوژمنان، هەورەوها لەپاڵ ئەمانەش فشارە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان لەسەر ناخ و هزری شاعیران دروستکردووە وایکردووە دووچاری نامۆیی ببنەوە. نیشتیمان تاوەکو ئێستاش خەمێکی گەورەیە بۆ مرۆڤەکان بە گشتی و شاعیرەکان بەتایبەتی. پیرەمێرد شاعیرێك بووە بەردەوام یادی نیشتیمانی کردووە، دڵ و دەروونی پەیوەست بووە بە نیشتیمانەکەیەوە، ئەمەش بۆتە هۆی لەدایکبوونی چەندین شیعری نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا. لە شیعری( لە ئەستەمبوولەوە) دەڵێت:

**لە ئەستەمبوولەوە هەڵسام، لەخەودابووم هەتا ئێرە**
**لە سەیری (فی المنام) دا بووم کە چاوم کردەوە لێرە**
**حەیاتێکی ترم دی، خزم و خویشان دەوریان دابووم**
**سەرلەنوێ هاتمەوە دنیا بە ڕۆح، وەك تولْفی ساوابووم**
**(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٥٥٨)**

بێگومان شیعرەکانی پیرەمێرد تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانسیزمی تێدایە، بۆیە لە کاتی ژیانی لە تورکیا هەست بە غوربەت دەکات و هەموو شتێکی لا جوان و خۆشە، ئەویش نیشتیمانەکەیەتی. کەواتە غوربەت هۆکاری سەرەکی لەدایکبوونی شیعری شاعیرە پەنای بۆ دەبات تا دەروونی ئارامبکاتەوە.

پیرەمێرد لە شیعری(تۆزی لە تۆزی بای سلێمانی) بە جۆرێك وەسفی سلێمانی دەکات، کە تۆز و خۆڵی سلێمانی زۆر لە تۆز و خۆڵی (چیای توور) باشترە، شەماڵ سرودی مناڵانی شارەکەی دەگەیەنێتە بەر گوێیی کە وەك زەمزەمەی لاهوتی ڕەحمانە.

**بە چاوما بێ، ئەگەر تۆزێ لە تۆزی سلێمانی**
**کە نووری طوورە، تووری نایەنێ، سورمەی سلێمانی**
**شەماڵ دێنێتە گوێم، دەنگی مناڵانی قوتابخانە**
**نەشیدەی میللیان، وەك زەمزەمەی لاهوتی ڕەحمانە.**
**(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ١٤٢)**

ئەمە ئەوە دەردەخات کە پیرەمێرد لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی خۆشی لە تورکیا هەبووە، بەڵام شاری سلێمانی زۆر لا خۆشتر بووە و بەردەوام یادی نیشتیمانی کردووە، دڵ و دەروونی پەیوەستبووە بە نیشتیمانەکەیەوە و بە هەوای شاری سلێمانی ژیاوە .

میرزادەی عەشقی یەکێکە لەگرنگترین شاعیرە ڕۆمانسییەکانی سەردەمی مەشروتە. نامۆیی و غوربەت و دوورە وڵاتی لە شیعرەکانیدا بەرچاودەکەوێت، چونکە ئەویش یەکێکە لەو شاعیرانەی لە دووری وڵات و نیشتیمان ژیاوە، لە شیعری (ابلەترین حیوانات) دا باسی دڵتەنگی خۆی بەرامبەر بە نیشتیمان دەکات لەو سەردەمەی کە لە تورکیا ژیاوە، هەروەها گلەیی لە نەزانی و لاوازی خەڵك کردووە، لەکاتی بە جێهێشتنی وڵاتدا و دەڵێت:

**((بوالو))،شاعر گویای مغرب حکیم بخرد دانای مغرب**
**در این نکتە چە خوش گفت این سخنرا کە بس خوش آمد از این نکتە منرا**
**کە اندر چارپایان چرائی و یا ماهی و مرغان هوائی**
**(عشقی، ١٣٥٠، ٣٨٥)**

ئەو ڕاستییەی کە نووسەر لە گەیشتن بەو جیهانە ناخۆشە نارازییە و پەشیمانی و نائارامی دروستدەکات ئاماژە بە تەموومژاوی دۆخی خوازراوەکەی دەکات. لە شیعری(آرزوی دل) دا دەڵێت ئەگەر تەواوی خۆشییەکانی جیهانی پێبدەن، یەکسان نییە بەو ئارەزووە ڕاستەقینەی کە لە دڵیەتی ئەویش دووری و ناخۆشییەکانی ژیانییەتی.

**همین بارگاه و همین اقتدار همین وضع پایندەای استوار**
**همین کامیابی هر روز و شب همین روز و شب،بانگ عیش و طرب**
**نیرزد بآن دم،کە دل آرزو بچیزی نمود و نشد،زآن او!**
**(عشقی، ١٣٥٠، ٣٨٥)**

### ٣-٥. گەڕانەوە بۆ کەلەپوور و فۆلکلۆری میللی و ئەفسانە

شیعر و ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەو و گرنگیان بەیەکەوە هەیە، (فریدریك شلێگڵ) وایدەبینێت (کە ئەفسانە و شیعر یەك شتن وناکرێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت) (حلاوی،١٩٩٢، ٤٧). هەر ئەمەشە وایکردووە لە شیعری نوێدا ڕەمز و ئەفسانە وەك هۆکاری دەربڕین گرنگییەکی زۆری پێبدرێت (لە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8

دیاردە هونەرییە بەرچاوەکان کە سەرنج ڕادەکێشێت لە ئەزموونی شیعری نوێدا زۆر بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانەیە وەك هۆکاری دەربڕین، ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، کە شاعیر ڕەمز و ئەفسانەکان لە شیعری خۆیدا بەکاربهێنێ، چونکە پەیوەندی کۆن لە نێوان ڕەمز و ئەفسانە و شیعر ئەم بەکارهێنانەی سازاندووە)(اسماعیل،١٩٨٨ ،١٩٥). شاعیر هەوڵدەدات ئەو کەرەستە و بیر و بۆچوونە کۆنانە زیندووبکاتەوە لەبەر گرنگی لەگەڵ مەبەستی شیعرەکەی بیانگونجێنێت، سەر لە نوێ واتا و دەلالەتی نوێیان لێپێکبهێنێت، چونکە هەندێك لەو باوەڕەدان کە ((ئەفسانەی دنیای کۆن، یەکێك لە کرداره هەره گەورەکانی ئادەمیزاد دەنوێنێ و دروستکردنێکی سروش بەخشی عەقڵی شاعیرانەی بەهرەدارە))(شارەزا،٢٠٠٥، ٦).

نەتەوەی کورد و فارس یەکێکن لەو میللەتانەی خاوەن کەلەپوورێکی دەوڵەمەندن، ئەمەش وایکردووە ببێتە سەرچاوەیەکی خۆماڵی گرنگ بۆ شاعیران و لە بنیاتی دەقە شیعریەکانیاندا پەنا ببەنە بەر بەشە جیاوازەکانی کەلەپوور و گەڕانەوە بۆ پەند و ئامۆژگاریی و حیکمەت و وتەی بەنرخی پێشینان. پەند و دەقی ڕۆمانسیزمی زۆرجار شاعیر هێندە ئاوێزانی نەتەوە و نیشتیمان و خاکەکەی دەبێت، کە هەمو ناشیرینییەکانی بە جوان دەبینێت، جوانییە ساکارەکانی بە بەهەشتی سەر ڕوی زەمین و سروشتێکی ئەفسووناوی وێنا دەکات.

پیرەمێرد لە بواری ڕۆشنبیری ڕابردوو و کەلەپوور و پەندی پێشینان و ئەفسانە شارەزاییەکی تەواوی هەبووە، بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا زۆر پەندی کوردی تێکەڵ بە شیعرەکانی کردووە. پیرەمێرد زۆر گرنگی بە ئەفسانە داوە، ئەفسانە زیندوویی و بەردەوامی بە شیعرەکە دەبەخشێ و دەبێتە هۆی نەمری شیعرەکە، هەروەها زیاتر ئەو ئەفسانانەی بەکارهێناوە کە لە کەلەپووری کوردیدا هەیە،وەکو( دێو، خدری زیندە، جەزیرەی واق واق، بوم، کێوی قاف، پەری، کاوەی ئاسنگەر ....). پیرەمێرد لە شیعری (بەیادی ملك الشعرا و ڕەمزی)دا دەڵێت:

**بە ئەگریجەی ڕەشی رووی بەرگی ماتەمپۆشی ئەفسوونە**
**وەها کارێك دەکا بۆکوشتووانی،تەعزێدارێکە**
**کە زوهرە دێتە بورجی نازو تاجی زەڕ لە سەر دەگرێ**
**خەڵووزە،دڵ دەسووتێنێ چ نوورێك و چ نارێکە**
**(پیرەمێرد،٢٠١٦، ٣٧٧).**

شاعیر لەم شیعرەدا زوهرەی بەکارهێناوە. زوهرە یەکێکە لە هەسارەکانی خۆر((زوهرە لە ئەفسانەدا ڕەمزی(ئەفرۆدیت)ی خواوەندی جوانی یۆنانی کۆن و (ڤینۆس)ی خواوەندی جوانی ڕۆمانییە))(شارەزا،٢٠٠٥، ٣٣)، هەروەها پیرەمێرد لە شیعری (لەتیفەی جینسی لەتیف) سوودی لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری میللیی وەرگرتووە و ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە.

**زۆری لێ پاڕامەوە        ئاوڕێکی لێ دامەوە**
**کەوتم و هەڵنەستامەوە        تێکییەوە پێچامەوە**
**ئیختیاری بێ ئیختیار**
**(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٣٤٣)**

دەقی شیعرە فۆلکلۆرییەکە دەڵێت:

**چەندی لێ پاڕامەوە**
**ئاوڕی لێ نەدامەوە**
**ئەو ئاوڕەی لێی دامەوە**
**کەوتم و هەڵنەستامەوە**

پیرەمێرد خەمی کلتوور و شارستانییەتی نەتەوەکەی دەخوات هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو کلتوور و مێژووە کۆنە دەدات، کە پێشتر مایەی شانازی بووە، تا بتوانێ ناسنامەی خۆی و نەتەوەکەی دیاریبکات. زیندووکردنەوەی ئەو حیکایەتانە (بابەتێکی زیندووە لە ناو ویژدانی شاعیری نوێخواز، ڕەهەندێکی ڕۆحی و هزری هەیە، ئەمەش پەیوەندی شاعیر بە کێشەکان و بە بە دواداچوونەکانییەوە ڕەنگدەداتەوە لە بەرهەمەکانیاندا)(اسماعیل،١٩٨٨، ٣٦).

لەسەردەمی مەشروتەدا وەسفی شانازی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری و خۆڕاگری ڕابردووە. شکۆدارەکەی ئێران یەکێک بوو لە بنەڕەتیترین مەسەلە کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بۆ بە ئاگاهێنانەوەی هەستی نیشتیمانپەروەریی خەڵک بەکاریانهێناوە، هەروەها هەندێکجاریش شاعیران ئەفسانەیان بۆ دەربڕینی پەشیمانی و خەمباریی خۆیان سەبارەت بە هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و هەڵومەرجی ئەو سەردەمە بەکارهێناوە. لەڕاستیدا میتۆلۆژیای ئەدەبی فارسی لەسەردەمی مەشروتەدا، شاعیران ئەفسانەی نەتەوەیی و نیشتیمانیان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ناخۆشییەکان لە کۆمەڵگا و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە باشترین شێوە بۆ گێڕانەوەی متمانەی خۆباوەڕی نەتەوە بەرامبەر بە بێگانە و داگیرکەران.

عەشقی شاعیر زۆر لێهاتووانە و زیرەکانە توانیوویەتی سود لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا فشارێکی زۆری لەلایەن پیاوانی ڕەزاشاوە خرابووەسەر. دیارترین دەقی شیعری لەم ڕووەوە بەناوی (جمهوری سوار)ە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە پەیوەندی نێوان بانگەشەدەرانی کۆماری و بەریتانییەکان دیاریدەکات .

**گفت آن به تا بر آید کام من**
**از رهی کآنجا،نباشد نام من**
**اندرین ره،مدتی اندیشه کرد**
**تاکه آخر،کار یاسی پیشه کرد**
**گفت جمهوری،بیارم در میان**
**هم از آن بردست خود گیرم عنان**
**خلق جمهوری طلب را،خر کنم**
**زانچه کردم،بعد از این بدتر کنم**
**(عشقی، ١٣٥٠، ٢٨٠).**

لێرەدا شاعیر سوودی لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییە وەرگرتووە، کە لەم پەندەدا بەرجەستەکراوە.

**(سەرم سورماوە لەو دەنگ و باسە        سم سمی کەرە چنگ چنگی یاسە)**

وەك دەزانین لە ئەفسانەی فارسیدا کاوە، جەمشید، فەرەیدون زیاتر لە میتۆلۆژیاکانی تر لە زۆربەی شیعرەکاندا نیشانەی ئازایەتی و چاونەترسی و زیندووکردنەوەی ژیان و وڵاتن، بۆ نمونە لە شیعری(درد وطن) شاعیر دەربارەی کاوە دەدوێت و دەڵێت: بە مردوان وڵات زیندوو ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت کاوە بیت بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە زیندوو بکەیتەوە.

**زحمت برای خود کش که خود بخود        اسباب راحت تو مهیا نمیشود**
**کم گو کو کاوه کیست تو خود فکر خود نما        با نام مرده،مملکت احیا نمیشود.**
**(عشقی، ١٣٥٠، ٣٣٩)**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8

### ٣-٦. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و سەردەمی منداڵی

یادی ڕابردوو و بیرەوەرییە لە بیرنەکراوەکان بۆ تێرکردنی ڕۆحی شاعیرە،ڕەنگە شاعیر یان نووسەر بیەوێت هەمووان ئاگادار بکاتەوە کە دۆخی ژیان بەراورد بە ڕابردوو خراپتر بووە و بە بەبیرهێنانەوەی ڕابردووی شیرین و ئازادی سەردەمی منداڵی،لەمبارەوە(ژان پۆل سارتێر)دەڵێت:(خەیاڵ ئێمە دەباتەوە سەردەمی منداڵی)( جزئی،١٣٧٨، ٩١). هەروەها گۆتە دەڵێت:لەم دنیایەدا دڵێ من بە هیچ شتێکی دیکە جگە لە منداڵی کەم تەمەن خۆش نییە و لە ناخی بچوکیان ئاسەواری ڕاستی و دروستی و پێناسە باشەکانی تر دەبینم)(جزئی،١٣٧٨، ٩١). بێگومان باشترین و جوانترین قۆناغی ژیانی هەر کەسێک قۆناغی منداڵییە و باشترین هێما بۆ دەرخستنی ڕاستی و دروستی و پاکی لە هەر هونەرێک و بە تایبەتی ئەدەبیاتیش هەر ئەم قۆناغەیە و شاعیر و نووسەر بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان و خووە باشەکان پەنا بۆ سەردەمی منداڵی خۆی دەبەن،یان کەڵک لە قارەمانانی منداڵ لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن(لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی تاکەکەسی،منداڵی هێمای پاکی و بێگەردییە و لە ڕۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی هێمای ڕاستی و هەروەها خەسارهەڵگرییە)(رضوانیان، ١٣٩٢، ١١٢). کەواتە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی پاکترین سەردەمی مرۆڤە،سەردەمێکە لاپەڕەکانی ڕەش نەبوونەتەوە و تووشی خەم و ئازار نەبووە. شاعیران بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیاندا بە کاریان هێناوە و سوودیان لێوەرگرتووە. سەردەمێکی زۆر خۆشەویستە لای شاعیر،چونکە شاعیرانی ڕۆمانسیزم هەر لە کۆنەوە بایەخیان دەدا بە یادگارییەکانی ڕابردوو و گەڕانەوە بۆ تافی منداڵی و لاوێتی و چێژیان لە ڕابردووی خۆیان بە هەموو ڕووداوەکانەوە وەرگرتووە ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان پێوە هەبووە وێنەیەکی جوان و ڕوونیان نەخشاندووە،بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە مرۆڤ هەست دەکات بەرەو پیری ڕۆیشتووە .

پیرەمێرد لە لە شیعری(هەژار و ستەمکار)دا ئاوڕی لە ڕابردووی ژیانی منداڵی و تەمەنی لاویی داوەتەوە و دەڵێت:

**ئامان چەند خۆش تافی منداڵی**
**بەڵام تێی ناگەی،تا،کۆنە ساڵی**
**لە منالیما کە باوکم ساغ بوو**
**گەڵی ئارەزووی لە ڕەزو باغ بوو**
**ڕەزو خانوومان لە(گور گەدەر)بوو**
**گورگانە شەوێم،زۆر چاك لەبەر بوو**
**هاوینان کۆچمان ئەچو بۆ ئەوێ**
**ڕامان ئەسپارد ولاخمان ئەوێ**
**(پیرەمێرد ،٢٠١٦، ٣١).**

شاعیر لەم چەند دێڕەدا بەو پەڕی تاسە و ئاواتەوە بۆ باوەشی گەرم و ئاسوودەیی ئەو ڕۆژە ئارامانەی کە پڕ بە سەرهات و بیرەوەری جوان و پیرۆزن دەگەڕێتەوە و چێژ و خۆشی لێوەردەگرێت،لەوانەیە ئەمەش پەیوەندی بە قۆناغەکانی تەمەن و باری دەروونییەوە هەبێت. چونکە تەمەنی منداڵی پڕە لە جوانی و پاکی و بێگەردی،دواتر کە دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە بیرکردنەوە و ئەندێشەکانی فراوان دەبێت و ئێش و ئازار و خەمەکانی زیاد دەکات.لە قۆناغی پیریشدا تەمەن وەك پەڕەی گوڵ هەڵدەوەرێت،شاعیر دڵی بە هیچ شتێك ئارام نابێتەوە،جگە لە گەڕانەوە بۆ قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری ئەو ڕۆژانەی لەو پەڕی گوڕ و تین و چالاکی فیکری و جەستەییدا بووە .

عەشقی لە دۆخی ئێستای بێزارە و حەسرەتی ڕۆژگاری خۆشی ڕابردوو دەخوات،لە لایەکی دیکەوە لە ساتەکانی خۆشی و پڕ لە هیوادا بە دڵەڕاوکێوە بە دوای ڕۆژگارێکی باشترە.

**من و دو تن پسرم،شب پیادە از کرمان**
**برون شدیم زمستان سخت یخ بندان**
**نە توشەای ونە روپوش،مفلس و عریان**
**چگویمت کە چە بر ماگذشت از بوران**
**رسید نعش من و بچەهام تا نائین**
**چو ماجرای مرا،اهل شهر بشنفتند**
**تمام مردم مشروطە خواە آشفتند**
**چو مهمان عزیزی، مرا پذیرفتند**
**چرا کە مردم آنروزە،راست میگفتند**
**نە مثل مردم امروزە بد دل و بیدین**
**(عشقی،١٣٥٠، ١٨٥- ١٨٦)**

دەربارەی خەمی لەدەستدانی لاوێتی و گەڕانەوەی بۆ ئەو سەردەمە،تەنیا بابەتێک کە سەبارەت بەم شێوە نۆستالۆژی تاکەکەسییە لەناو چوارچێوە شیعرییەکانی شاعیر دۆزیمەوە،غەزەلی(شب وصال،شەوی پێکگەیشتن)ە کە شاعیر لەوێدا بە ئاشکرا لە دۆخی کەسێتی خۆی و پێگەیەک کە وەکو ڕووناکبیرێک کۆمەڵگای ئاڵۆزی ئەو سەردەم بە سەریدا سەپاندووە دەناڵێنێت. ئەو کە تەنیا هەر ئەم شەوە بە یەکێک لە دەگمەن شەوە خۆشەکانی ژیانی بە سوودی خۆی دەزانێت،بە پێناسەکردنی تازەیی و جوانی خۆشەویستەکەی،خۆی وشک و خەمۆک وەسف دەکات .

**روی فروزان یار و گونە سرخش        حقە آن سرخ گل،بروی حبابست**
**عمر پر از یادگار جور بجور است        عشق فقط یادگار عهد شبابست**
**بیست ودو سالست،تند میروی ایعمر        اندکی امشب تأمل این چە شتابست؟**
**روز خراب من، از خرابی بختم:        نیست:کە از اصل،روزگار خرابست !**
**(عشقی،١٣٥٠، ٣٦٨ )**

چۆنیەتی دەربڕینی شاعیر،ناڕەزایەتی لە کەڵک وەرنەگرتن لە دەرفەتە کەم و تیژتێپەڕەکانی تەمەن پێشان دەدات،دەرفەتێك کە بە تایبەت لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا،زیهنی مرۆڤێکی هەستیار و بە هەستی وەک ئەو زۆر پێویستی پێیە،بەڵام حەسرەت دەخوات کە بە هۆی کاروباری ژیان،نەیتوانیووە بەو شێوە کە پێویستە کەڵک لە لاوێتی خۆی وەربگرێت و خەریکە ئیتر پیر دەبێت. لەم غەزەلەدا عەشقی ئاواتەخوازە کە لەو دۆخە ئاستەمەدا،تۆزێک تێپەڕینی ڕۆژگار هێواشتر بێتەوە تا بتوانێت هاوسەنگییەک لەنێوان کاروباری ژیانیدا پێک بێنێت.

ئەنجام:

لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەچەند ئەنجامێك، لە خوارەوە دیاریان دەکەین:

١-گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی یەکێکە لەو چەمکانەی لە بەرهەمی پیرەمێرد و میرزادەی عەشقیدا بەرچاودەکەوێت. لە ئەنجامی تەنیایی، هەستی غەریبی، ئاوارەیی، دووری لە نیشتیمان دروستبووە. چونکە هەردوو شاعیر لە سەرەتای

لاوێتییانەوە چەند ساڵێک لە تورکیا ژیاون، کاریگەری ژینگەی تورکیا بە سەر شیعرەکانیاندا تەواو دیارە. پێداهەڵگوتنی بەهاری ئەستەمبۆڵ و بەبیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانی نیشتیمان و سەردەمی منداڵی شاعیرن.

٢-هەردوو شاعیر ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە دیاردەی بەکارهێنانی کەرەستەی ئەفسانە، پەند ، کەلەپوور و مێژوو، بە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی و بەرجەستەکردنی قووڵییەکی سایکۆلۆژی بە شیعرەکان.

٣-هەردوو شاعیر بەرهەمەکانیان پڕن لە نائومێدی و ڕەشبینی و بێزاری لە ژیان و ئارەزووی مردن و دەربازبوون، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە تاڵ و ڕەشەی تێدا ژیاون دەگەڕێتەوە .

٤-شەو وەکو ڕەگەزێکی سروشت، بەلای هەردوو شاعیرەوە کەشێکی ئارامە، چونکە پەردە لە سەر ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ڕۆژ لادەبات و دیمەنە ڕاستەقینەکان بەدیاردەکەون، شاعیران شەو بە کەشێکی ڕەهای مرۆڤ دەزانن بۆ ڕزگار بوون لە خەمەکانیان.

## ٤. سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

ئاشنا، ئومێد،٢٠٠١،پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ئەحمەد،خورشید ڕەشید،١٩٨٩،ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا،مطبة الجاحظ، بغداد.

پیربال،فەرهاد،٢٠٢١،ڕێبازە ئەدەبییەکان، کولتوور، تاران.

حوسێن،هیمداد،٢٠١٤،ڕێبازە ئەدەبییەکان،چاپی سێیەم،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.

ڕەسول،عیزەدین مستەفا،١٩٩٠، ئەدەبیاتی نوێی کوردی،بۆ پۆلی چوارەمی زانستگا،مطبعة التعليم العالي.

ژیانەوە،١٩٢٥،ژ١٤.

شارەزا،کەریم،٢٠٠٥،ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،هەولێر،چاپخانەی ڕۆشنبیری.

معروف،کەمال،٢٠٠٢،چەمکی نامۆبوون لە ئەدەبیاتی ئەوروپی و شیعری نوێی کوردیدا،گۆڤاری گەلاوێژی نوێ،ژمارە ٣٠.

میراودەلی،کەمال،٢٠٠٧،هەردی و ڕۆمانسیزمی خود،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوك.

هوشیار،فایەق، مصطفى صالح كريم، محمود احمد، محمد نوری توفيق، احمد زرنگ ، ٢٠١٦،دیوانی پیرەمێرد، بەرگی ١-٢-٣، کتێبخانەی ئارام.

### زمانی عەرەبی

بقاعی،هاشم،شفیق،سامی،١٩٧٩،المدارس الأنواع الأدبية،منشورات المكتبة المصرية،صيدا،بيروت.

تيغم،فيليب فان،١٩٨٠،المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا،ت.فريد انطونيوس، طبعة الثانية،دار منشورات عويدات،بيروت.

حلاوی،يوسف،١٩٩٢،الاسطورة في الشعر العربي،دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع،بيروت.

رسول،عزالدين مصطفى،١٩٦٨،الواقعية في الادب الكردى،دار المكتبة العصرية،صيدا،بيروت.

زغلول، سلام،١٩٨١، النقد الأدبى الحديث، الطبعه الاولى، دار منشأ اسكندرية، اسكندرية.

فيرست،ليليان،١٩٧٨،الرومانتيكية، ت،عدنان خالد، مؤسسة دار الكتاب للطباعة والنشر، موصل.

مندور، محمد، ١٩٩٥ الشعر المصرى بعد الشوقى، معهد الدراسات العربية العالى.

هلال،محمد غنيمي،١٩٨١،الرومانتيكية،دارالعودة، بيروت.

### زمانی فارسی

بابا چاهی،علی،١٣٨٤،عاشقانەترین ها:١٣٠٠-١٣٨٠،تهران،نشر ثالث.

جزی،مسعود جعفری،١٣٧٨،سیر رمانتیسم در اروپا،چاپ اول،مرکز، تهران.

حسینی،رضا،١٣٨٧، مکتب های ادبی، تهران.

رضوانيان،قدیسه،نوسر،مریم محمودی،١٣٩٢،رمانتیسم اجتماعی در شعرپروینی اعتصامی،ادب فارسی،دوره٢،سال ٣،شماره٢.

شکی،حسین،١٣٨٥،تغزل و عاشقانه صدای در آثار نادر نادر پور، مانگنامه حافظ، شماره ٣٣.

عشقی،میرزاده،١٣٥٠،کلیات مصور عشقی،تألیف و نگارش علی اکبر مشیر سلیمی،تهران.

### پاشکۆ

ژیاننامەی هەردوو شاعیر

ناوی تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی هەمزاغای مەسرەفە، لە ساڵی ١٨٦٧ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە قوتابخانە دواتر چۆتە فەقێیەتیی و سەرەتا دەستی بە عەرەبی خوێندن کردووە. لە ساڵی ١٨٩٨ز لەگەڵ شێخ سەعید حەفید دەچێتە تورکیا، بۆ ساڵی ئایندە دەچێتە حەج، بەمشێوەیە لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا بوو بە حاجی. تا ساڵی١٩٢٥ گەڕاوەتەوە سلێمانی. لەو کاتەدا ڕۆژنامەی ژیانەوە لە سلێمانی دەردەچوو،هەواڵی گەیشتنەوەی پیرەمێردی بڵاوکردەوە((جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە بیست و سێ ساڵە لەوەتەن دوورکەوتووەتەوە، شەوی ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ تەشریفی هاتەوە مەملەکەتەکەمان،بەقدومی ئەم زاتە زۆر مەسروور و خۆشحاڵین، بەناوی هەموو هاوڵاتییەکەوە بە خێرهاتنی دەکەین))(ژیانەوە،١٩٢٥،ژ١٤). لە ١٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی لە شاری سلێمانیدا ماڵئاوایی لە عالەمی شیعر و ئەدەب کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی(مامەیارە) نێژراوە.

سەید محەمەد ڕەزا ناسراوە بە میرزادەی عەشقی کوڕی حاج سەید ئەبولقاسمی کوردستانییە، لە ساڵی ١٣١٢هـ.ق بەرامبەر بە ساڵی ١٨٩٣زلەشاری هەمەدان لەدایکبووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی بەخوێندنی سەرەتایی کردووە، لە (ئالیانس)ی فەرەنسیش قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، پێش ئەوەی بڕوانامەکەی لە ئالیانس بەدەستبهێنێت لە کۆمپانیای بازرگانێکی فەڕەنسیدا وەك وەرگێڕ دەستبەکاربووە، لە ماوەیەکی کەمدا تووانی زۆر بە باشی زمانی فەڕەنسی فێرببێت. خوێندنی عەشقی تا تەمەنی حەڤدە ساڵی بەردەوام بوو، هۆی سەرەکی بەردەوام نەبوونی و بەشداریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە توند و هەستە شاعیرانەکەی بوو،دوای تەواو نەکردنی خوێندن و وازلێهێنانی بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد، ڕۆژنامەی(نامەی عەشقی) دامەزراند،لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا لەگەڵ هەڵگیرسانی شەری یەکەمی جیهانی بۆ ئەستەمبوڵ سەفەریکرد، لە ئەستەمبوڵ لە وانەوتنەوەکانی قوتابخانەی سوڵتانی و دارالفنون ئامادەدەبوو. سەفەری عەشقی زۆری نەخایاند لە ساڵی ١٣٣٦ق گەڕایەوە ئێران. پاش گەڕانەوەی لە ساڵی ١٣٣٧ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی

(قرن بیستم)ی بەچاپ گەیاند،.بە بڵاوكردنەوەی گووتارە ئاگرینەكانی لە بواری ڕەخنەی ڕامیاری و كۆمەڵایەتییدا،لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكەی دەنەخشاند،هەر بە هۆی ئەم ڕەخنانەش بوو لە لوتكەی گەنجێتیدا لە ساڵی ١٩٢٤ز بەرامبەر بە ساڵی ١٣٠٣ش لەماڵەكەی خۆیدا لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا تیرۆركرا. بەشداریكردنی هەزاران كەس لە خەڵكی تاران بەشێوەی خۆپیشاندانی سیاسی لە بەخاكسپاردنیدا.(بەهار)دەڵێت: (ئەو پێشوازییە مێژووییەی كە لە جەستە و روحی میرزادەدا كرا، بۆ هیچ شاعیرێكی نەتەوەیی لە مێژوودا نەكراوە)(عشقی،١٣٥٠، ١٨). تا چەند ڕۆژ ڕۆژنامەكانی تاران دەربارەی ئەم كارەساتە وتاریان دەنووسی. لە سەردەمی كۆماری ئیسلامیدا لە ٢٥ی بهمن ساڵی ١٣٩٢و ٢٨ مردادی ساڵی١٣٩٥ فیلمێكی سینەمایی لە سینەماكاندا لەسەر ژیاننامەی ئەو شاعیرە بەناونیشانی(مرگ یك شاعر)كە حسن هیدایەت كاری دەرهێنانی بۆ كردووە پەخشكرا.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp1-8